**Female Genital Mutilation:**
**It's a crime not culture**

**خەتەنەکردنی مێینە تاوانە نەك کەلتور**

**FGM کورتکراوەی خەتەنەکردنی مێینە یە هەندێك جار بە بڕینی بەشێك لەشی ژنان ناودەبرێت** خەتەنەکردنی مێینە لەکوردستان پراکتیککردنی بریتی یە لە بڕینی قیتکەی کچ بۆ کەمکردنەوەو دامرکاندنەوەی خواستە سێکسیەکانیان بەقەناعەتی ئەو کەسانەی کە ئەم کارە ئەکەن بۆ پارێزگاریکردنە لە شەرەفیان پێش شووکردن ، ئەنجامدانی ئەم کارە دەرئەنجامی زۆر خراپ و تۆقێنەری لێدەبێتەوە وەك خوێن بەربوون تا دەگاتە حاڵەتی مردن،زۆر بەیان توشی شۆك دەبن وە ئەوانەی کە دوای ئەنجامدانی ئەم کارە دەمێننەوە بە کۆمەڵێك ئازارو نەخۆشیدەناڵێنن لەکاتی شوکردن وەیان لە کاتی سکپڕیدا، ئەمەش وا لە ژنان وکچان دەکات لە دیوارێکی داخراوی بێدەنگی دا بمێننەوە.

ئەم کارە پڕ ئازارە بۆ کچانی تەمەن نێوان4ێ بۆ 12 ساڵ ئەنجام دەدرێت وە خەتەنەکردنەکە بە شێوەیکی نهێنی ئەنجام دەدرێت کە بۆ کچەکە حاڵەتێکی شۆك و تەجروبەیەکی قورس و ناخۆش دروست دەکات لە کاتێکدا کە بە دەستی دایکی خۆی دەبرێت بۆ لای مامانەکە بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە.

**خەتەنەکردنی مێینە لەوانەیە ببێتە هۆی ڕودانی مردن .**

واناسراوە ژنانی ئەندامانی خێزانەکە یان ژنانی دراوسێ و مامان هەڵدەستن بە کۆکردنەوەی کچەکان وە خەتەنەکردنەکە بە بێ بەنج دەکەن وە ئامێرەکان تەعقیم نین پاك و خاوێن نین و مامانەکە چەقۆ یان گوێزان بەکاردەهێنێت لە برینی قیتکە وە هەندێك جار لێوەکانیشی یان لێوارەکانی دەبڕن، دواتر برینە خوێناویە بڕاوەکە بە خۆڵەمێش دادەپۆشێت بۆ وەستاندنەوەی خوێن بەربوونەکەی وە زۆر جار کچە منداڵەکان بەزۆر لە ناو سەتڵێك ئاوی سارد دادەنیشێنن ، هەندێك لە کچان دوای ئەوە مردوون یان لەرووی باری دەروونی و تەندروستیەوە دەناڵێنن لە دەر ئەنجامی ئەو پرۆسەیە

**خەتەنەکردنی مێینە بەربلاوە لە کوردستانی _عێراقدا**

لـە سـالّی 2004 دا چـەند تیمێکـی گـەڕۆکی ژنـان کـە لـە لایـەن ڕێکخـراوی وادی ئـەڵمانی دامەزرابون لە ڕپۆرتێکیاندا ئاماژەیاندا بە بوونی خەتەنەکردنی مێینەلە چەند گونـدێکی سـەر بـە ناوچـەی گـەرمیان کـە دەکەوێتـە باشـوری شـاری سـلێمانی دوای لێکۆڵینەوەلـە دەر ئەنجامەکان دەرکەوت ڕێژەیکی زۆر گـەورە لـە ژنـان خەتەنـەکراون ئەنـدامانی تیمـی گـەڕۆکی ژنان چاوپێکەوتنیان لەگـەڵ دەورووبـەری 1500 لـە ژنـان و کـچان کردبـوو کـە 907 یـان خەتەنەکرابوون لە دراسەیەکی هاوشێوەدا لە ناوچەی هەولێردەرکـەوت کەلـە 440 ژن 380 ژن یان خەتەنەکرابوون.




لـە سـالّی 2007 wadi هەسـتا بـە لێکۆڵینەوەیـەکی بـەرفراوان لـە هـەر سـێ 3 شـاری کوردستانی _عـێراق، بەچاوپێکوتن لەگـەڵ زیاد لـە1800 ژن و کـچ لـە چـەند ناوچـەیەکی جیاجیا و باکراوندی کۆمەڵایەتی جیاواز بۆ کۆکردنـەوەی داتا لەسـەر شـێوەی بنـەمای ژیـانی ژنانی کوردی.

دەرئەنجامە سەرەتاییەکان دەری دەخەن ،کە دیاردەی خەتەنەکردنی مێینە بـەربلاوە لـە نێـو ژناندا بە ڕێژەی ٪60بەرەو سەرەوەبۆ ڕێژەی ٪100 لە هەندێك ناوچـەی تردا،هـەروەها ئـەم دیاردەیـە بەڕێـژەی جیـاواز لـە هـەموو بەشـەکانی تـری ناوچـەی هـەرێمی کوردسـتان بـەدی دەکرێت بێجگە لەناوچەی دهۆك کە خەتەنەکردنی مێینە ڕێژەکەی 10 ٪ بووە.

لەم دوایەدا لە ناوچەی پشدەر و  شاری ڕانیە کە وێنایەکی دراماتیکی بارودۆخەکە نیشان دەدەات کە لە مانگی ئازار بۆ کۆتایی مانگی 8 _2008 تیمی گەرۆکی ژنان لە 115 سەردان بۆ 50 گوند و 25 قوتابخانەی کچان لە ناوچەی ڕانیە و چاوپێکەوتنی 2952  ژن وکچ 2810 یان خەتەنەکرابوون کە ڕێژەکەی دەکاتە ٪95.

**نزمی ئاستی هۆشیاری یاریدەدەرە بۆ بوونی خەتەنەکردنی مێینە**

وەك هەمووشتێك کەپەیوەندی بە سێکسەوە هەیە، ،خەتەنەکردنی مێینەش تابۆیەکە کە ژنان زۆر بە بێدەنگی بەدەست ئەنجامدانی ئەم کارەوە

وە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەسەر دیاردەکەو قسەلەسەر کردنی کارێکی زۆر پێویستە چونکە نزمی ئاستی هۆشیاری یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەوەی کە وا لە ژنان دەکات ئەم کارە ئەنجام بدەن ،وە زۆربەیان بروایان وایە ئەم کارە بۆ تەندروستیان باشە وە پێیان ووتراوە کە ئەمە واجبێکی ئیسلامە (ئیلزامی) یە لەکاتێکدا گفتوگۆیەکی زۆر لە جیهانی ئیسلامی لەم بارەیەوە لەئارادایە .

هۆکارێکی دیکەی ئەنجامدانی دیاردەکە قەناعەتی پیاوانە بە خاوەنداریەتی ژنان وەك موڵك و کالاً و سنوردارکردنی ئازادیەکانیان و بەرگرتن لە ئارەزوەکانیان کە ئەمەش بۆخۆی بێماف و بێبەهاکردنی ڕۆڵی مرۆڤانەی ئەوانە وەك سروشتی ڕاستەقینەی خۆیان .